کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-8-2007 2:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

2007-8-10- سوید

**وادیارە نوری مالکی نازانێ بەکێ ئەڵێن تیرۆریست؟!! ... نەجمەدین شێخ بزێنی**

بەڵێ ڕاستە هەمو مرۆڤێک ئازادە لەدەر بڕینی بیرو ڕاو بۆچونەکانیدا، بەڵام دیارە جیاوازێکی زۆر هەیە لەنێوانی کەسایەتێیکی بەر پرس و کەسێکی سادەدا، لەئاستی بابەتە هەستیارە سیاسیەکاندا، بەتایبەت کێشەی مافی نەتەوایەتی!! هەرئەو جیاوازیەشە کەئەبێتە هۆکاری پلەو پایەی مرۆڤ، بەئەندازەیێکی زۆر لێک جیاواز لەهەمو بوارەکانی ژیاندا!! هەرئەو هۆکارەیە وا

لەبەرچاوە کەچۆن چارەنوسی کۆمەڵگایێک ئەکەوێتە ژێر دەستی چەند کەسایەتێیک لەهەمو کۆمەڵگایێکدا!! بەڵام ئەوجیاوازیە چیە کەوا ئەوکاری گەرییەی هەیە لەسەر مرۆڤ؟! پلەی بەرزی بەدەستهێنانی شەهادەی خوێندنگایە، وەیا توانای بیرکاری و زانستی زمانەوانیە؟؟! بێگومان دیارە هیچ جۆرێک لەوانە نیە!! ڕاستە هەندێ جار لەوجۆرە کەسایەتیانە ئەگەنە ئەوپایەو پلانە، هەر بۆ نمونە وەک ئێستا لە دامو دەزگاکانی ئێراقدا ئەیبینین! بەڵام دیارە سەرکەوتۆش نابن، هەر وەک لەبەر جاوە!! کەوابو کەسانێک شیاوو شایستەی پایەو پلەی سەرکردایەتین، کەبەکردار بیسەلمێنێت، یەکەم: بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگاو وولآت لەسەروی هەمو بەرژەوەنێیکی تایبەتی خۆیو لایەندارانیدا ڕابگرێت، دوهەم: ژڵسۆزی گەلو نیشتیمان بێت بەیەکسانی، دوربێت لەهەمو جیاوازی کارێیک. سێهەم: ڕاستگۆبێت لە ووتارو کرداردا. خۆپەسەند نەبێت و لەئاستی کێشەکانی ناوەوەو دەرەوە خۆ ڕاگربێ. چوارەم: دەست پاکو دڵپاکو تێکۆشەربێ. پێنجەم: چاو برسی و سامان پەرست و ڕەگەز پەرست نەبێ! بەبۆچونی من ئەمانە مەرجی سەرەکین بۆ هەمو تاکێکی کەسایەتی، کەشیاوی بەرپرسیاریەتی، وەیا بەشێوەیێکیتر بیڵین، سەرۆکایەتی دەسەڵاتبێ!! بەڵام زۆر بەداخەوە، بەهۆی نەمانی ئویژدانی مرۆڤایەتیەوە، ئەمرۆ لە کەم کەسایەتیا ئەو مەرجانە بەدی ئەکرێت! بەتایبەتیش لەخودی حکومەتی مەرکەزی ئێراقدا، کە لەگەڵ ڕێزمدا بۆ سەرۆک کۆمار بەڕێزمام جەلال، سەربەرزین کەتاکە کەسە لەو بوارەدا، کەبەبەڵگە ئەو مەرجانەی سەلماندووە، بەڵگەش ئاشکرایە بۆ ئەو ڕاستیە نەک تەنها بۆچونی من بێت وەک کوردێک، بەڵکۆ ڕەزامەندی هەمو لایەنەکانی عەرەبی شایەد حاڵی ئەو ڕاستیەن، چونکە هەمولایەنێکی دۆستو نەیارەکانی گەلی کورد ئەزانن کەبەڕێزی پێشمەرگەیێکی کوردە، گەربهاتایەوبچوکترین لەکەداری پێوە دیاربووایە ئەبوبەدەهۆڵ کوتان لەدژیکوردیش، بەڵام بەداخەوە ئەویش دەسەڵاتی بەقەد جێگرەکەشی نابێت لەسەرۆکایەتی کۆماریدا، بۆ بەڵگەی ئەو ڕاستیەش، ئەویش ئەوەیە کەلەم چەند ڕۆژی ڕابردودا، نوینەری تایبەتی بەڕێز سەرۆک بارزانی

بۆ چاوەدێری جێ بەجێ کردنی مادەی 140، سکرتێری پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان بەرێز قادرعەزیز ڕای گەیاند بەفەرمی کەجێگری سەرۆک کۆمار بەرێز تاریق هاشمی ڕێگرە لە بەردەم جێ بەجێ کردنی مادەی 140دا!! کەوابو ئەو دەسەڵاتی زیاترە، چونکە بێجگە لەوەی کامادەیێکی دەستوریەو کەس بۆی نیە بەرگری وەیا بەربەستی بۆ دروست بکات، بەڕیز سەرۆک کۆمار خۆی لایەنێکی خاوەنداریەتی ناوەڕۆکی مادەی 140!! بە هەر حاڵ چونکە بابەتەکەی من لەو بوارەوە نیە، نامەوێت لە ناوەڕۆکی مەبەستەکە م دور بکەومەوە، ئەگەڕێمەوە سەر هەڵسو کەوتی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی ئێراقی فیدراڵ بەڕێز دوکتۆر نوری مالکی. ئاشکرایە کەبەفەرمی و زۆر بەڕاشکاوانە لەئەنقەرە دانی بەسەرراناوە کە پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) ڕێکخراوێکی تیرۆریستیە!! لە کاتێکدا نەک تەنها کورد بەڵکو هەمو مرۆڤێکی خاوەن ئویژدان و خواناس و بڕوابو بەڕەواو ناڕەوا ئەزانێت کە ئەوە پارتێکی نیشتمان پەروەری کوردی شۆڕشگێری ئازادی خوازیەو، داکۆکی لە چارەنوسی بەلانی کەمەوە 15 ملیون کوردی ماف پێشێل کراو ئەکات لە باکوری کوردستان!! بەڵام ڕاستێیکەو لەبەر چاوەو شیاوی نکۆڵی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لێکردن نیە، مرۆڤ کە ئویژدانی بمرێت ئەبێت بە (دڕندە) ئەوکات ڕاستیە کان بەچەواشە کاری ئەبینێت!! ڕەواو ناڕەوا لای یەکسان ئەبێت و بڕوای تەنها بەهەستو ئارەزووەکانی خۆی ئەبێت!! هەربۆ نمونە سەیری هەڵوێستی داگیرکەران و نەیارانی گەلی کورد بکە!! ڕەگەز پەرستە تورکە کەمالیستەکان، چ هاتو هاوارێکیان داناوە بەناو لەسەر مافی کەمتر لەنیو ملیون تورکومان کەلەشارێکی کوردستانیدا ئەژین، لەباشوری کوردستان، کە بەسەدان کیلۆمەتر لەسنوری دەوڵەتی تورکیاوە دورەو، یەکسانن لەهەمو مافێکدا لەگەڵ کوردو نەتەوەکانی تردا، لەکاتێکدا لەسەدا چلیش بە ڕچەڵەک تورک نین!! بەڵام کوێرن لەبەرانبەر مافی زیاتر لە (15) ملیون کورد کە بەدرازایی مێژو بگرە پێش هاتنی تورک بۆ ئەوناوچەیە، لەسەرزێدی باوکوباپیرانی خۆیان ئەژین

بەپێی هەمو سەرچاوە مێژوویەکان!! جوانترین بەڵگەش، ئاماژە پێکردنی مێژونوسانی بێگانەو، بەرپاکردنی چەندین شۆڕشی ئازادی خوازی کوردە!! بەرژەوەند داریەتی زلهێزەکان بەتایبەت ئەمریکا، چاوی کۆمەڵگای ماف پەروەری ئەوروپاشی کوێر کردوە، ئەوهەمو ماف پێشێڵ کاریە ئەبینن، بۆماوەی (23) ساڵ شۆڕشیگێڕی کەئێستاش بەردەوامە، ئەتوانین بڵێن یەکەم شۆڕشە لەمێژودا کەئافرەتان بەشداری شەڕی چەکداری تێداکردبێت، کەچی بەداخەوە ئەمانیش ئویژدانی خۆیان لەدەستداوەو، بەڕێکخراوی تیرۆریستی ناوی ئەبەن!! من لۆمەی بەڕیز دوکتۆر نوری مالکی ناکەم چونکە نەک تەنها بەلای ئەوەوە، بەڵکو بەلای هەمو کەسایەتی دەسەلات دارانی عەرەبو، تورکو، فارسیشەوە، ئەگەر بۆیان بگونجێ پارتی و یەکیەتیش ئەکەن بەڕێکخراوی تیرۆریستی!! بەڵام بەناچاری من پرسیار لەبەڕیز دوکتۆر نوری مالکی ئەکەم، پێناسەی تیرۆریست چیە؟؟ ئەوانەی شەوانە بەدەیان مرۆڤ بەناڕەوا ئەکوژن و ئەتکیان ئەکەن و پێناسەکانیان لەگەڵا ناهێڵن بۆ ئەوەی نەناسرێنەوەو فرێیان ئەدەنە ناو کۆڵان و شەقامەکان، تەنها لەپێناوی هەستی تایفەگەریدا، تیرۆریستن!! یان ئەوانەی ژیانی مان و نەمانیان هەڵ بژاردووە لەپێناوی سەربەخۆی و مافی ڕەوای ملەتەکەیان؟!! ئەوانە تیرۆریستن کەبەبیانوی دژایەتی کردنی هێزی ئەمریکیەوە، ڕۆژانە ماشینی مینرێژکراوو بۆمب لەبازاڕە مەدەنیەکان و سەرشەقام و ڕێڕەوە گشتیەکان ئە تەقێنەوەو، ژنو منداڵی ساواو کاسبکاری بێتاوان ئەکوژن تیرۆریستن! یان ئەوانەی بەئاشکرا بەربین بەهێزی چەکداری داگیرکەران ئەگرن؟!! ئەوانە تیرۆریستن کەبەناڕەوا مافی ملەتان پێشێل ئەکەن و ماڵەکانیان فەرهود ئەکەن و ڕۆڵە بێتاوانەکانیان ئەکوژن! یان ئەوانەی لەدەستی جەورو ستەم سەر هەڵ ئەگرن و روئەکەنە چیاو پشت بەخواوبەشاخ ئەبەستن لەپێناوی بەرگری کردن لەشەرەفو کەرامەتیان؟!! بەڵێ بەڕێز نوری مالکی پەندێکی پێشینانی کوردی هەیە حەز ئەکەم بیزانی، کەئەڵێت هەمو دڕندەیێک گۆشت خۆرە، بەس ناوی گورگ بەدە!! ئەوکوشتن و بڕین و ماڵوێرانکاریانە، لەسەدا هەشتای پارتە سونی و شیعەکانتانن بەیەکتری و بەگەلی بێتاوانی ئێراقی ئەکەن لەپێناوی دەسەلاتدا، بەڵام خووا پێتانی داوە هەرناوی ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆریستی ئەبردرێ!! بەڵام ڕیکخراوو پارتە بەناو ئیسلامیەکانتان، هەندێك بەناوی موقاوەمەو، هەیندێک بەناوی تری جۆراوجۆری دروشمە پیرۆزەکانی ئاینیەوە ناو ئەبرێن!! کەلەڕاستیدا کردەوەی تیرۆریستی، هەرتیرۆریستیە، ئیتر هەر ڕێکخراوو پارتێێک ئەنجامی بدات!! ئیتر نازانین پارتێکی نیشتمان پەروەر، کەپانتاییێکی بێوێنەی لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیداپڕکردبێتەوەو دروشمێکی پیرۆزی نەتەوایەتی بەرز کردبێتەوەو ئامادەبێت لەسەر مێزی دیالۆگدا لەگەڵ دوژمنەکەیدا دابنیشێت و چارەسەری کێشەکانی بەشێوەێێکی ئاشتی خوازانەو شارستانیانە لەگەڵیدا یەکلا بکاتەوە، ناوبرێ بەتیرۆریست، بەڵام بەرامبەرەکەی ئامادە نەبێت لەگەڵیشی دابنیشیت و بەردەوام بیت لە پێشێل کردنی کەمترین مافی مرۆڤایەتی! ماف پەروەربێت و پشتگیری لێبکرێ!! ئەوە دیارە تەنها لە فەهەنگی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
13-8-2007 2:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ناڕەوایەتی زلهێزە داگیر کەرەکانی دونیاو داگیرکەرانی خاکی کوردستاندا ئەبینرێت؟!! دیارە من بەدڵنیاییەوە ئەڵێم دژی ئەو هەڵوێستەی پارتی کرێکارانی کوردستانم کە هەندێک لەبارەگاکانیان خزاندۆتە ناو دۆڵەکانی چیای قەندیلەوە، بەڕاستی هەندی جار ئەڵێم ئەوە پیلانێکە لەدژی ئەودەسکەوتە پیرۆزەی باشوری کوردستان، کەبەخوێنی سەدان هەزار ڕۆلەی ئەوپارچەیەی کوردستان بەدەست هاتووە!! زیاتر لەنیو سەدەیە لەوپارچە بچوکەی باشوری کودستان دا شۆڕشی چەکداری هەیە تاکو گەیی بەم ڕۆژە، ڕۆژێک لەڕۆژان خۆی نەخزاندە سنوری پارچەکانی ترەوە مەگەر بەئاگاداری و ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی ئەوپارچەیەوە بوبێت، دیارە ئەوەش هەرلەبەر بەرژەوەندی گشتی و ڕیزگرتن لەشەرعیەتی یاسای کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە بووە، لەهەمان کاتیشدا بڕوای بەوە بووە کە بەهیچ جۆرێک لەتوانای هیچ پارتێکی سیاسیدا نابێت لەیەک کاتدا بەرەنگاری داگیرکەرانی هەرچوار پارچەی کوردستان بکات!! ئەمەلەلایێک، لەلایێکی تیشەوە کام لەسەرکردە سیاسیە کانی هەر چوار پارچەکە ئامادەن بچنەژیر باری یەک سەرکردایەتی نەتەوەییەو؟ ئەوەخەیاڵ پەڵاوە، وەک ئەبینن لەکاتی تەنگانەدا نەتوان ببن بەیەک و پێکەوە درێژە بەتێکۆشان بدەن، ئیتر کە ڕزگار بن لەچنگی داگیر کەر چۆن مل بۆیەکتر کەچ ئەکەن، کەوابو ئەوە لەئێستاوە خۆ ئامادە کرنێکە بۆ هەڵ گیرساندنی شەڕی ناوخۆی کورددستان، کەهەرچەندە لێی بێ بەشیش نەبوینە لەڕابوردوشماندا! ئیتر نازانین ئەم هەڵوێستەی پەکەکە لە کوێوە سەری هەڵداوەو، بڕوای پێ هێناوە، کەهیچ پارتێکی نیشتمان پەروەری کوردستانیش بڕوای بەو ئایدیولۆژیکە نیە!! لەڕاستیشدا وایە، هەرپارتێکیش بەو هەستەوە شۆڕش بەرپا بکاتو هەنگاو بنێت، یائەوەتا لەئاستی بەرپرسیاریەتیدا نیە، وەیامەبەستو ئامانجێکی تری لەپشتەوە هەیە، هەربۆ نمونە لەگەڵ ڕێزمدا بۆ سەرکردایەتی سیاسی (pkk) کەنەتوانن لەوسنورە بەرفراوان و شاخاوییەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی تورکیا، کەزیاتر لەنیوەی خاکی کوردستانی گەورەیە، جێگەی بنکە کانی گەریلا تێکۆشەرەکانیان بکەنەوەو بی پارێزن، چۆن ئەتوانن بەرگری لەتەنها چیایێک بکەن، کەئەتواندرێ هەربەئابلۆقەدانێکی ئاسایی لەناو ببردرێت، کەزۆر بەئاسانێش ئابلۆقەئەدرێ!! ئەمە ڕاستێیەکەو نکۆڵی لێناکرێت، ئەی دەها هەڕەشەی چی لەهاتنی سوپای تورکی ئەکات لەقەندیلەوە ئەگەر موێیک لەوماستەدا نەبێت! هەمو کوردێک ئەزانێت خاکی کوردستان یەک پارچەیە، بەڵام ئەبێت ئەوڕاستیەش بزانێت، کەسنوری بەناڕەوای نێو دەوڵەتیش هەیەو لەتووانای خودی کوردا نیە هەڵی بگرێ! بۆیێ ئەبێت ملکەچی ئەو سنورە بین و هەرپارچەیەو ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی لە سنوری بەناڕەوای دیاری کراوی نیو دەوڵەتیدا درێژە بەتێکۆشانی خۆیان بدەن. چاو لەهەڵوێستی پارتە کوردستانیەکانی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان بکەن، خۆ ئەوانیش هێزی پێشمەرگەی چەکدارییان هەیە!! بەهەرحاڵ، بەڵام ئەوەی منی نیگەران کردووە، ناڕاستی و ناڕەوایی ئەو کەسایەتیانەیە، لەناو ئەخەون و لەپەر ئەلەوەڕێن!! لەلایێکەوە کەسایەتی نیشتمان پەروەرن و بڕوایان بەڕەواو ناڕەوا هەیەو دۆستی دڵسۆزی هاوبەشی کوردن لەتەنگانەداو، لەکاتی شینەیی و دەسەڵاتداریشدا، ئەگەر بۆیان بگونجێ، بە خەنجەری ژەهراوی جگەر بڕ لەپشتەوە لە کورد ئەدەن!! بەڕێز نوری مالکی ئەبێت شەرم بکات لەخۆی ناوی پەکەکە بەرێت بەتیرۆریست! باپێشا چاوێک بەدزو درۆزن و پیاوسەربڕەکانی تایفەگەری دەورو پشتی خۆیدا بگێڕێ و بیر لەکارە قێزەوەنەکانی تیرۆریستی بکاتەوەو، بەراوردی بکاتەوە، لەگەڵ هەڵویستی شۆڕشگێڕیدا، ئەوکات گیانی ئویژدان بکاتەوە بەبەر خۆیداو بڕیار بدات، کێ تیرۆریستە؟!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.